# کورتە دیمانەیەک لە گەڵ هونەرمەند مامۆستا قادر مەردان ... ئامادەکردنی: ئەنوەر خەراجیانی

ئەنوەر * مامۆستای بەڕێز ئەگەر بکرێت کورتە باسێکی ژیانی خۆتمان بۆ باس بکەیت لە گەڵ ساڵ و شوێنی لە دایك بوونت مەسەلەی (مەردان) لە چیەوە هاتووە؟



قادر مەردان. . . پێشەکی من ناوم قادر مەردانە لە ساڵی 1937 لە شاری کەرکوك لە دایك بووم مەردان باوکمە نازناو و عەشیرەت نییە. زۆر کەس دەزانێت عەلی مەردان برامە یان یەك تایەفەین لە ڕاستیدا نە برامەو نە لەیەك تایەفەشین، بەڵام من دایمە وەك براگەورە و مامۆستای خۆم تەماشام کردووە. لە تەمەندی 6 بۆ 7 ساڵی وردە وردە دەستم کردووە بە گۆرانی ووتن لە سالەکانی 1956 لە ئێزگەی بەغداد یەکەم گۆرانیم تۆمار کردووە.

من تاوەکو ئێستاکە زیا لە 30 گۆرانی تۆمارکردنم هەیە بەڵام بەداخەوە زۆربەی گۆرانیەکانم بە هۆی زروفی شاری کەرکوکەوە فەوتاون. من لە هەماند کاتدا موسیقا ژەن و ئاواز دانەریش بووم، زۆر ئاوازم داناوە بۆ گۆرانی بێژەکانی سەردەمی خۆم.

کەمی بەرهەمیشم دەگەڕێتەوە بۆ زروفی سیاسی شاری کەرکوك ئەوەی کە بەدڵی خۆم ئەم ویست بیلێم نەیان دەهێشت بیلێم دەبوایە پێش ووتنی گۆرانیەکە کۆنترۆڵی شیعرەکەیەن بکردایە ئینجا ڕەزامەندی ووتنی گۆرانیەکە پێیان ئەدام کە بیلێم ئەم کارەش زۆر زەحمەت و گران بوو بە نیسبەت منەوە، هەر بۆیە لەسەردەمی بەعسی ڕوخاودا زۆربەی جار دوور خراومەتەوە بۆ شارو شارۆچکەکەنی نزیك کەرکوك لەبەر پەیوەندی نەکردنم بە بەعسەوە. زۆربەی گۆرانی بێژەکان بەرهەمیان کەم بووە وەك حسن گەرمیانی و شەماڵ سائیب وحسن علی و حمەی نێرگز. . . هتد بە تەنها من نە بووم کە بەرهەمم کەم بێت.

دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستان ئێمە هەر ژێر دەستەڵاتی بەعس بووین لە شاری کەرکوك، کاتێك دڵی کوردستان ئازاد کرا من لە کوردستان نەمابووم لە هەندەران بووم لە ووڵاتی سوید نەخۆشیش بەرۆکی گرتووین ولێمان نابێتەوە بەڵام لەهەماند کاتدا یارمەتی منداڵەکانم ئەدەم لە ئاواز و شێوەی ووتنی گۆرانی چونکە کوڕەکەم (ئالان) ئێستا چۆتە کاروانی هونەری گۆرانی ووتن.

لە کۆتایدا من سوپاسی ئێوەی بەڕێز دەکەم کەوا ئاوڕتان لێداوینەتەوە لەم غەریبیەدا ئەمە یەکەم جارە لەوەتی کەوتومەتە هەندەران بەسەر بکرێمەوە لە لایەن ڕۆژنامە و سایتی کوردیەوە فەرامۆش کراوین بە جارێك هۆکەشی نازانم بۆچی دەگەڕێتەوە.

لە کۆتایی ئەم چاوپێکەوتنەدا زۆر سوپاسی بەرێزیانم کرد کە ئەرکو ماندوو بوونیان کێشا بۆ ئەم چاوپێکەوتنە هیوای تەمەن درێژی و لەش ساغی بۆ دەخوازین.

ئەنوەر خەراجیانی
پەیامنێری کوردستان نێت
anwaramin@malmo2. net